

گۆڤار خالید

یاریزانی تۆپی دەستیی ئەفرۆدێت:

# پێویستە گرنگی بە یاریزانانی کچ بدرێت و لە گشت روویەکەوە کارئاسانییان بۆ بکرێت

دیمانە: کارزان کانەبی



*** ئاستی یاریی تۆپی دەست لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە راستیدا ئاستی تۆپی دەست زۆر خراپە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-بە رادەیەکی زۆر کار دەکاتە سەر ئاستی تۆپی دەست و بەرەوپێش نەچوونی بە شێوەیەکی بەرچاو.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەیی یاری تۆپی دەستی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

- پێویستە گرنگی بدرێت بە یاریزانانی کچ و لە گشت رووبەکەوە کارئاسانییان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای ئەم یارییە بن و نەتوانن دەستبەرداری وەرزش ببن.

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی دەستی لە چی دەبینی؟**

-نەبوونی کەسانی ئەکادیمی و رێگەپێنەدانی خێزانەکان و کەمیی پاڵەوانیەتی و نەبوونی یاریگای پێویست، ئەمانە هەمووی کێشەن بۆ بەرەوپێش نەچوونی تۆپی دەست بەتایبەتی لە ئاستی کچان.

*** لە چ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

-لە ئێستادا لە هیچ یانەیەك گرێبەستم پێشکەش نەکراوە بۆ یاریکردن، بە نیازیش نیم هیچ کاتێك یانەی ئەفرۆدێت جێبهێڵم.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- هیوای من ئەوەیە هەموو هەوڵێك بدەم کە لە داهاتوودا بتوانم ببمە راهێنەرێکی سەرکەوتوو کە تیپێکی تایبەت بە خۆم دروست بکەم بۆ خزمەتکردنی وەرزش.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-نەخێر، چونکە هەر ئەم هۆکارەیە وای کردووە ئاستی یاریزانانی کوردستان بەرەوپێش نەچێت، بۆیە هیچ کات لەگەڵ ئەوە نیم پشت بە یاریزانانی دەرەوەی کوردستان ببەسترێ.

*** لە خێزانەکەت بە تەنیا وەرزشکاری؟**

-نەخێر، خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم کە لە خێزانێکی وەرزشی لە دایك بووم.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-پشتگوێ نەخستنی یاریزانان و لایەنی کارگێڕیی یانەکان و گرنگیدانی زیاتر بە بەرنامە وەرزشییەکان بۆ هەموو ئاستەکانی تەمەن.

*** خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

-خەونی من ئەوەیە ببمە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و درێسی ئەو هەڵبژاردەیە بپۆشم.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

-ئەوە ئاواتی هەموو یاریزانێکە ببێتە یاریزانی هەڵبژاردەی وڵاتی خۆی.

*** لە هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراق داواکراوی؟**

-تاکو ئێستا نەخێر، بەڵام بەو پەڕی توانامەوە هەوڵ دەدەم ببمە یاریزانی تۆپی دەستی هەڵبژاردەی عێراق.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە لۆکا کاراباتیچ کە یاریزانێکی بەتوانایە.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت؟**

-هیوادارم کە هەموو یاریزانێك بگاتە ئاواتی، داواکاریم لە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەوەیە ئاوڕێك لە وەرزشی کوردستان بدەنەوە، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانیش کە پێشەنگبوونی خۆی سەلماندوە لە بەسەرکردنەوەی یاریزانانی یانەکانی کوردستان.

**تۆپی دەستی یەکێکە لەو یارییانەی کە لە پارێزگای سلێمانی گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت لەلایەن یانەکانی ئەو شارە، تیپی تۆپی دەستی کچانی یانەی ئەفرۆدێتیش یەکێکە لەو تیپانەی کە خزمەتێکی بەرچاوی بە بواری وەرزشی کردووە لە سلێمانی، تیپی تۆپی دەستی یانەکەش کە خاوەن پێکهاتەیەکی بەهێزە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق چەندین کچە یاریزانی بەتوانای هەیە کە داهاتوویەکی باش لە چاوەڕوانی ئەواندایە تا بتوانن ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانیش گۆڤار خالیدە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری سلێمانییە و قوتابی دوایین قۆناخی ئامادەییەو پێشتر بۆ یانەی سیروانی نوێ یاری کردووە، ماوەی سێ ساڵیشە هاتۆتە ریزی یانەی ئەفرۆدێت، بۆیە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

## کرواتیا متمانەی به راهێنەرەکەی نوێکردەوە



یەکێتی تۆپی پێی کرواتیا گرێبەستی زلاتکۆ دالیچی راهێنەری هەڵبژاردەکەی نوێکردەوە.

دوای سەرکەوتنی هەڵبژاردەی کرواتیا بۆ مۆندیالی ۲۰۱۸ی روسیا، یەکێتی تۆپی پێی کرواتیا گرێبەستی زلاتکۆ دالیچی راهێنەری هەڵبژاردەکەی تا ۲۰۲۰ نوێکردەوە.

پێش ئەنجامدانی یارییەکانی پاشکۆی سەرکەوتن بۆ جامی جێهانی، یەکێتی تۆپی پێی کرواتیا بەڵێنی بەراهێنەرەکە دا، کە لەکاتی گەیشتن بۆ جامی جیهانی ۲۰۱۸، ئەوە گرێبەستەکەی تا دوای تەواوبوونی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ۲۰۲۰ نوێدەکرێتەوە.

دالیچی ٥١ ساڵ پێش لە شوێنی ئانتی ساسیچی بووە راهێنەر، دوای ئەوەی هەڵبژاردەی کرواتیا لە یارییەکانی پاڵاوتن ئەنجامەکانی وەکو پێویست نەبوو.

لەگەڵ دەستبەکاربوونی وەکو راهێنەری هەڵبژاردەی کرواتیا، دالیچ توانی لە هەڵبژاردەی ئۆکرانیا لە قۆناغی کۆمەڵەکانی پاڵاوتندا هەڵبژاردەکەی بباتەوە پاشان لە قۆناغی پاشکۆ بەربەستی یۆنانی بڕی و کرواتیای گەیاندە مۆندیالی روسیا.

## ئەلبا نهێنییەک ئاشکرا دەکات

جۆردی ئەلبای ئیسپانی و بەرگریکاری چەپی یانەی بەرشلۆنە نهێنی ئاستە بەرزەکەی ئاشکرا دەکات.

ئەلبا لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی توتۆ سپۆرتی ئیتاڵی راگەیاند لەو کاتەی وازی لە خواردنەوە گازییەکان هێناوە هەست دەکات تەندروستی باشترە و لە یاریگاشدا ئاستی بەرزتر بووە.

ئەلبا زیاتر گوتی: هەر کاتێك لە یاریگادا چەند کیلۆمەترێك رادەکەم، هەستدەکەم لەدۆخێکی باشدام، بەڵام لە ئێستادا لە دۆخێکی نمونەیی دام.

لە درێژەی قسەکانیدا ئەلبا گوتی: نهێنی ئاستە بەرزەکەم لە یاریگادا دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەست بوونم بە بەرنامەی خۆراکییەوە، من لە ئێستادا لە خواردنەوە گازییەکان و ژەمە خێراکان دووركەوتومەتەوە.




# دیبالا
# بیر لە جێهێشتنی یۆڤانتوس دەكاتەوە

پاولۆ دیبالای ئەرژەنتینی و ئەستێرەی یانەی یۆڤانتۆس دەرگای رۆیشتن و ماڵئاوایی كردن لە خانمە پیرەكە دەكاتەوە.
بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لەگەڵ یانەكەی و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین پێشكەش دەكات چەند یانەیەكی گەورەی ئەورووپا لە سەرووی هەموویانە ریاڵ مەدرید و بەرشلۆنە هەوڵ بۆ گواستنەوەی دیبالا دەدەن.
دیبالا لە لێدوانێكدا بۆ گۆڤاری فرانس فوتبۆڵی فەرەنسی گووت: بەڵێنی مانەوەی هەتاهەتایی بە یانەی یۆڤانتۆس نەداوە، ئەو بڕیارە پەیوەستە بە بۆچوونی خۆی.
دیبالا زیاتر گوتی: یانەكەم پێشنیاری پۆشینی درێسی ژمارە ١٠ی بۆ كردم، ئەوە مایەی شانازیمە، لە تۆپی پێ كەس نازانێت لە داهاتوودا چی روودەدات، لە هاوینی ئەمساڵیشدا نمونەی باوەڕ پێنەكراومان بینی.
لە بارەی بوونی ململانێ لەگەڵ نێیمار دا سیلڤا و لەسەر بردنەوەی تۆپی ئاڵتونی دوای وازهێنانی مێسی و كریستیانۆ، دیبالا گوتی: بەڵێ، ركابەرییەكی نایاب دەبێت، مێسی و رۆناڵدۆ زۆر كاری باوەڕ پێنەكراویان كردووە، بەڵام نێیمار نزیكترە لە ئاستی ئەوانەوە، ئەو هەلی زیاتری بردنەوەی تۆپی ئاڵتونی لە بەردەمدایە.
دیبالا لە كۆتایی لێدوانەكەیدا گوتی: خواستی زۆرم هەیە ببمە باشترین یاریزانی جیهان، لەو پێناوەشدا تەواوی تواناكانم دەخەمە گەڕ.



# نیاز محەممەد دەچێتە یانەیەکی شاری بەغدا



دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی بڕیاری کەمکردنەوەی ژمارەی یانەکانی دا لە ٢٨ یانەوە بۆ ٢٠ یانە بەم هۆیەشەوە یانەی وەرزشی هەولێر لە خولەکە دوورخرایەوە. هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بوو بەردەوام لەمەشق و ڕاهێنانداببوو و ئەستێرەکانی یانەکەش گرێبەستیان لەگەڵ یانەکە نوێ کردبووەوە، بەڵام دواجار یاریزانانی یانەی هەولێر بە ناچاری گرێبەستیان لەگەڵ یانەیەکی تری عێراقی مۆرکرد بۆ ئەوەی درێژە بە یاری کردن بدەن لە خولی عێراقی، نیاز محەممەد یاریزانی هێلی بەرگری یانەکە گرێبەستی لەگەڵ یانەیەکی شاری بەغدا مۆرکرد، لەبارەی چوونیشی بۆ یانەی ئەمانەی شاری بەغدا تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من گرێبەستی فەرمیم هەبوو لەگەڵ یانەی هەولێر بۆ ئەوەی لە خولی نایابی عێراق و کوردستان یاری بۆ یانەکە بکەم، بەڵام بەهۆی دوورخستنەوەی یانەکانی کوردستان لە خولەکە بڕیارم دا بچمە یانەیەکی تری بەشدار لە خولی عێراقی، هەرچەندە گرێبەستی زۆرم بۆ هاتبوو لە یانەکانی تری کوردستان و عێراق، بەڵام دواجار بە فەرمی لەگەڵ یانەی ئەمانەی شاری بەغداد گرێبەستم کردووە، ئێستاش پەیوەندیم بە یەکەکانی مەشقی یانەکە کردووە و دەمانەوێت لەگەڵ یانە تازەکەم گرنگی بە توانا و ئاستی خۆم بدەم و بتوانم ئەنجامێکی شایستە لەگەڵ یانەکەم بەدەست بهێنم لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، یاری کردنیش لە خولی نایابی عێراقی تامێکی تایبەتی خۆی هەیە و دەتوانین ئاستی بەرز پێشکەش بکەین و ئاستی یاریزانی کوردیش پێشانی هەموو لایەك بدەین.







# یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بێدەنگی شکاند

دوای ماوەیەك لە وەستانی چالاکییەکانی یەکێتی تۆپی پێی ناوەندی کوردستان بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هات، بەتایبەتی رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کە بەتەواوی بارودۆخی وەرزشی کوردستان گۆڕانکاری بەسەرداهات، چونکە بەشێکی یانە بەشداربووەکان لە چالاکییەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان سەر بە پارێزگای کەرکووك بوون، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان سەرجەم چالاکییەکانی وەستاندبوو، بەڵام هەفتەی رابردوو یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا بڕیاری دەست پێکردنەوەی چالاکییەکانی دا، لەبارەی دەستپێکی چالاکییەکانیش دڵشاد ساڵح ئەندامی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بڕیارمان دا بە دەستپێکردنەوەی سەرجەم چالاکییەکانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان لەسەرجەم یارییەکان بۆ هەموو ئاستەکان، بۆیە بەرنامەیەکی تۆکمەمان داناوە بۆ ئەوەی بتوانین خولەکانی کوردستان بە باشترین شێوە و بە بێ گرفت و کێشە بەڕێوە ببەین.» لەبارەی یانەکانی شاری کەرکووکیش گوتی: «بۆ یانەکانی کەرکووك سەرجەمیان سەرپشك کراون بۆ ئەوەی بەشداری چالاکییەکانی ئەم وەرزە بکەن، ئەگەر نەشیان کرد، زۆر ئاساییە و لە خولەکان دانابەزێندرێن و لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە و لە ساڵی داهاتوو دەتوانن بێنەوە خولەکە، ئەویش بە هۆی نالەباریی بارودۆخی شارەکەیە.» لەبارەی خولی نایاب و پلە یەکەکانیش گوتی: «بۆ ئەوانیش بە هەمان شێوە خولەکە بەڕێوەدەچێت و ئامادەکاریش کراوە بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی خولەکە بەڕێوەبچێت.



# کچانی پێشمەرگەی سلێمانی بێبەش بوون

دوای ئەوەی تیپی تۆپی سەرمێزی کچانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی توانی پلەی دووەمی پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی یانە نایابەکانی عێراقی بەدەست بهێنێت، بەم هۆیەشەوە شان بە شانی کچانی گازی باشوور و کچانی سناعە بڕیار بوو بە نوێنەرایەتی یانەکانی عێراقی بەشداری لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەبی بکات کە یارییەکانی لە وڵاتی لوبنان بەڕێوە چوو، بەڵام کچانی پێشمەرگەی سلێمانی بەهۆی گرفتی داراییەوە نەیتوانی بەشداری پاڵەوانیەتییەکە بکات، لەبارەی هۆکاری بەشداری کردنیان لەم پاڵەوانیەتییە بەڵێن حەیدەر راهێنەری تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «قەیرانی دارایی ڕێگر بوو لە بەردەم بەشداریکردنمان لەپاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەبی کە لە وڵاتی لوبنان بەڕێوەچوو، ئێمە و کچانی گازی باشووریش نەمانتوانی بەشداری کێبڕکێیەکان بکەین بەهۆی نەبوونی توانای دارایی، هەرچەندە ئێمە بڕیاری ئەوەمان دابوو بەشداربین، بەڵام کاتەکەی گونجاو نەبوو، تاکو یانەکەشمان هاوکاریمان بکات، لایەنی پەیوەندیداریش هاوکاری ئێمەیان نەکرد، چونکە بارودۆخەکە لە بار نەبوو، جگە لەوەش یانەکانی تریش بەشدار نەبوون تەنیا چەند یانەیەك ئەوانیش لەسەر گیرفانی خۆیان بەشداربوون، بەڵام ئێمە بەردەوامین لە مەشقەکانی خۆمان و یانەکەشمان بەردەوام هاوکاریمان دەکات بۆ بەردەوامبوون لە وەرزشکردنمان.